# هونەری کۆکردنەوە لە نێوان دەقێکی شیعری نالی و عبداللە بن همام السلولی

د. زاهیر ئیسماعیل سەعید
وەزارەتی پەروەردە_ بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕانیە
ئامادەیی هەڵگورد
zahirismael1973@gmail.com

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٢/٢٣
بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٥/١٢

**کورتەی باس**

ئەم باسە توێژینەوەیەکی بەراوردکاری شیکارییە لە نێوان دەقێکی شیعری (نالی)ی کوردی سەردەمی بابانییەکان و (عبداللە همام بن السلولی)ی عەرەبی سەردەمی ئەمەوییەکان، ئەم بەراوردکردنە لە ژێر ڕۆشنانی قوتابخانەی بەراوردکاری فەرەنسیدا ئەنجام دراوە، چونکە لە ڕووی مێژووییەوە دیاردەی کاریگەریی ئەدەبی عەرەبی بەسەر ئەدەبی کوردییەوە هەبووە، هەروەها لەم بەراوردکردنەدا زیاتر تیشک خراوەتە سەر ڕەوانبێژی هونەری کۆکردنەوە، کە جۆرێکە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی جوانکاری واتایی، کە لە ڕازاندنەوەی دەقی شیعری عەرەبیدا بەکارهاتووە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام. مەبەست لەم هونەرە ئەوەیە، کە شاعیر دوو مانا و مەبەستی دژ بەیەک بۆ گەیاندنی دوو پەیامی جیاواز لە یەک دەقی شیعرەکەیدا کۆدەکاتەوە، وەک سەرەخۆشی و پیرۆزبایی... لەم دوو دەقەی کە ئێمە بەراوردمان کردوون، بۆمان دەردەکەوتووە، کە دیاردەی لێکچوون و هاوشێوەیی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، هەم لە ڕووی هونەرەوە، هەم لە ڕووی پەیامی شیعرییەوە. دەقی شیعری عبداللە، بۆ کۆچی دوایی (مەعاویە)یەی خەلیفەی ئەمەوی و گرتنە دەستی خەلافەتەکە لەلایەن (یەزید)ی کوڕیەوە نووسراوە، بەهەمان شێوە، دەقی شیعری نالیش، بۆ کۆچی دوایی (سلێمان پاشا)ی میری بابان و هاتنە سەر تەختی میرایەتی (ئەحمەد پاشا)ی کوڕی نووسراوە. هەر دوو شاعیر دەقەکانیان بۆ سەرەخۆشی و پیرۆزبایی بۆ خەلیفە و میری نوێ نووسیوە، لەهەمان کاتدا پەیامەکانی ئاینی ئیسلام لە نێو دەقە شیعرییەکاندا بۆ وەسفی کەسایەتییە باسکراوەکان بە ئاشکرا دیارە.

**کلیلە وشەکان: ئەدەبی بەراوردکاری، هونەری کۆکردنەوە (الافتنان)، دژیەک، سەرەخۆشی و پیرۆزبایی، سلێمان پاشای بابان، ئەحمەد پاشا، مەعاویە، یەزید.**

**پێشەکی:**

توێژینەوە لە دەقی شیعری نالی ئەو ڕاستییە دەردەخات، کە شیعری نالی خوێندنەوە و لێکدانەوە و شیکردنەوەی زیاتر قبووڵ دەکات و نهێنی و ئیستاتیکای زیاتری ئەو دەقە شیعریانەمان لە سەردەمی مۆدێرنەدا بۆ ئاشکرا دەبێت. نالی لەژێر کاریگەری شیعری کۆنی عەرەبیدا و بە کەرەستە و پێکهاتە و کلتوری کوردی توانیویەتی جەوهەری ڕەوانبێژی لە شیعری کوردیدا دابمەزرێنێت، ئەمەش توانا و دەسترەنگی نالی شاعیر دەردەخات. یەکێک لەو هونەرانەی کە لەم توێژینەوەیەدا لەسەری دواوین (ڕەوانبێژی هونەری کۆکردنەوە)یە.

ڕەوانبێژی هونەری کۆکردنەوە، هونەرێکی ئیستاتیکییە، لە چۆنیەتی ڕێکخستن و پێکهێنانی شیعردا، تیشک دەخاتە سەر شێوازەکانی داڕشتن و ئاستەکانی بنیاتنانی ناوەوە. ئەم هونەرە مۆدێلێکی داهێنەرانەیە، کە توانای خوێندنەوە و چێژی ئیستاتیکی لای خوێنەر زیاد دەکات، بەمەبەستی گەیشتن بە جەوهەری مەبەست و جوانیناسیی دەق.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دروستکردنی تێڕوانین و خوێندنەوەیەکی نوێی سەرنجڕاکێشە بۆ دەقی شیعری ( تافەلەک دەوری نەدا سەد کەوکەبی ئاوانەبوو..)ی نالی و دۆزینەوە هونەرێکی دەگمەنی جوانکارییە لەم دەقەدا، ئەویش (هونەری کۆکردنەوە)یە و بەراوردکردنیەتی بە شیعری شاعیری عەرەب (عبدالله همام بن السلولی)دا.

**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە بەپێی (میتۆدی بەراوردکاری) ئەنجامدراوە. ڕاڤەی دوو شیعری شاعیران: نالی کورد و عبدالله بن همام السلولی عەرەب لەخۆ دەگرێت، کە بە پێی قوتابخانەی بەراوردکاری فەرەنسی کراوە. لایەنی لێکچوون و هاوشێوەبوونی ئەو مەبەست و پەیامانەی لە هەردوو دەقەکەدا هاتوون خراوەتە ڕوو و پێکاریگەربوونی نالی لەو شیعرەدا بە شیعرەکەی عبدالله بن همام السلولی خراوەتە بە تیشکی لێکۆڵینەوە.

**ستراکتۆری توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم لە سێ تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم: دەروازەیەک بۆ ئەدەبی بەراوردکاری، تەوەری دووەم: چەمک و پێناسەی هونەری کۆکردنەوە، تەوەری سێیەم: جیاوازی هونەری کۆکردنەوە و دژیەک لە خۆدەگرێت. بەشی دووەم، بۆ بواری پراکتیکی دەقەکان تەرخانکراوە، کە خۆی لە شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی هەر دوو دەقی نالی و عبدالله دا دەبینێتەوە.

**دەروازەیەک بۆ ئەدەبی بەراورکاری**

ئەدەبی بەراوردکاریی لە سادەترین پێناسەیدا جۆرێکە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، کە بنچینەی جەوهەری، بەراوردکردنە لە نێوان ئەدەبیاتی نەتەوە جیاوازەکاندا، یاخود لەنێوان ئەو ئەدەبانەی بە چەند زمانێک نووسراون (عبود، ١٩٩٩، ٢٥)، لە ڕاستیدا ئەدەبی بەراوردکاری پەیوەندی ئاڵوگۆڕی نێوان دوو ئەدەبی نەتەوەیی بە دوو زمانی جیاواز، یان زیاتر ڕوون دەکاتەوە و کاریگەری هەر ئەدەبێکیشیان بەسەر ئەوی تریاندا ئاشکرا دەکات.

ئەدەبی بەراوردکاری هونەرێکی میتۆدییە بە دوای پێوەندییەکانی وێکچوون و نزیکایەتی و کاریگەریی و نزیکبوونەوەی ئەدەب لە بوارەکانی دیکەی دەربڕین و مەعریفەدا دەگەڕێت، جا لە ڕووی زەمەن و شوێنەوە لێک دووربن، یان نزیک، بەو مەرجەی ئەو دەقە ئەدەبییانەی بەراورد دەکرێن سەر بە دوو زمانی جیاواز، یان دوو کلتوری جیاوازبن (دانییل، باجو، ١٩٩٧، ١٨). کەواتە دەکرێت لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری لە نێوان دوو زمانی دوو نەتەوەی جیاوازدا ئەنجام بدرێت، وەکو ئەدەبی ئینگلیزی و فەرەنسی، بەڵام دەشگونجێت لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری لە نێوان دوو بەرهەمی ئەدەبی سەر بە یەک زمانیش ئەنجام بدرێت بە مەرجێک سەر بە دوو کلتوری جیاوازبن، وەک ئەدەبی ئینگلیزی و ئەمریکی، هەروەکو ڤان تیگم بەراوردکاری فەڕەنسی ئاماژەی پێکردووە و دەڵێت:( کە دەکرێت

ئەدەبی ئەمریکی بە ئەدەبی ئینگلیزی دابنرێت، لەبەرئەوەی نووسەرەکانیان بە یەک زمانی ئینگلیزی دەنووسن، یاخود ئەو نووسەرانەی بە کاریگەریی ئەدەبی فەرەنسی، ئەدەبی کەنەدییان بە زمانی فەرەنسیی نووسیوە )(ڤان تیگم، ؟، ٥٣)، کەواتە جگە لە جیاوازی زمان، دەکرێت کلتوریش بکرێن بە بنەما بۆ لێکۆڵینەوە، لەو تێکستە ئەدەبییانەی کە کاریان لە یەکتر کردووە و ئاڵوگۆڕی ئەدەبی لەنێوانیاندا دروست بووە.

ئەدەبی بەراوردکاری زانستێکە لە پلەی یەکەمدا ئامانجی زانستی تەواوەتی هەیە. ئامانجی ئەوەیە تەنیا پەیوەندییە دەرەکییەکان و کاریگەرییەکانی نێوان ئەدەبەکان تۆمار بکات و باسی لایەنە جوانییەکان و ڕەهەندەکانی چێژ ناکات: شییان ناکاتەوە و هەڵیان ناسەنگێنێت. بەڵکو ( ئەدەبی بەراوردکاری زانستێکی وەسفی شیکارییە، هەڵدەستێت بە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە دەرەوەی سنووری هەر نەتەوەیەک و ئەم ئەدەبە لەگەڵ ئەدەبی نەتەوەیەکی دیکە، یان کۆمەڵێک ئەدەبی نەتەوەکانی دیکەدا بەراورد دەکات، یاخود ئەدەبی بەراورد، هەڵدەستێت بە بەراوردکردنی ئەدەب لەگەڵ ئەو بوارانەی کە مرۆڤ تێیدا گوزارشت لە خۆی و پێکهاتەکانی دەکات، وەک وێنەکێشان و پەیکەرسازی و تەلارسازی و مۆسیقا و فەلسەفە و مێژوو و زانستە کۆمەڵایەتییەکان ( سیاسەت، ئابووری و کۆمەڵناسی ) و زانستە ئاینییەکان ( باسنیت، ١٩٩٩، ٣٧ ).

عبده عەبوود بەراوردکاری عەرەبی لەم ڕوانگەیەوە سێ جۆر بەراوردکردن لە دنیایی ئەدەبدا دەخاتە ڕوو، جۆری یەکەم: بەراوردکردنی دوو ئەدەبی نەتەوەیی سنووردار، وەک بەراوردکردنی ئەدەبی فەرەنسی و ئەڵمانی، یان لەنێوان ئەدەبی عەرەبی و فارسی، ئەدەبی کوردی و عەرەبی، ئەم جۆرە بەراوردکردنانە ئەنجامی دیاریکراو و بەسوودی لێدەکەوێتەوە، کە خزمەت بە پەیوەندییە دووقۆڵییەکان دەکات. جۆری دووەم: بازنەی بەراوردکاری نێوان ئەدەبی نەتەوەیی فراوانتر دەکات و چەندین ئەدەب دەگرێتەوە وەک لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییەکانی ئەدەبی فەرەنسی لەگەڵ ئەدەبیاتی ئەڵمانی و ئینگلیزی و ئیسپانی و ئیتاڵی و ڕووسی و ئەدەبیاتی نەتەوەیی دیکە، مشتومڕی ئەم پۆلێنکردنە ئەوەیە کە پەیوەندییە ئەدەبییەکان لە چوارچێوەی سروشتی دووانەیی تێدەپەڕێنن و بەدەگمەن دوو لایەنە دەبن. سێیەم: ئەم جۆرەیان بازنەی ئەدەبی بەراوردکاری بە شێوەیەکی بنەڕەتی فراوانتر کرد، بۆ ئەوەی بەراوردکردنی نێوان ئەدەب و دیاردە نائەدەبییەکان بگرێتەوە (عبود، ١٩٩٩، ٢٥). کەواتە لە ئەمڕۆدا لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری سنوری دوو ئەدەبی جیاواز تێدەپەڕێنێت و زانستە مرۆڤایەتییەکانیش دەگرێتەوە.

لە ڕووی ئەرکەوە ئەدەبی بەراوردکاری ( لێکۆڵینەوە لە مێژووی پەیوەندییەکانی ئاڵوگۆڕ و کاریگەریی نێوان ئەدەبەکاندا دەکات و دیاردەی لێکچوون و پەیوەندییەکان لە دەرەوەی سنووری جوگرافیای هەر ئەدەبێک ڕوون دەکاتەوە )(باسنیت، ١٩٩٩، ٣٧). کەواتە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری تیشک دەخاتە سەر پەیوەندییە ڕاستەقینەکان و بیرۆکە و کاریگەرییە سەلمێنراوەکان، کە هۆکارن بۆ ئەوەی ئەدەب سنووری نەتەوەیی ببەزێنێت.

**کاریگەری ئەدەبی لە ڕوانگەی مێژووی ئەدەب**

لە تێڕوانینمان بۆ مێژووی ئەدەبی جیهانی، ئەو نەتەوانەی کە ژێردەستەن، یاخود ئەو نەتەوانەی کە دەستکورتی ئەدەبین و خاوەن ئەدەبێکی پێنەگەیشتوو و سنورداری لۆکاڵین، بۆ گەشەکردن و دەوڵەمەند کردنی ئەدەبی نەتەوەیی خۆیان لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا دەکەونە ژێر کاریگەری ئەدەبی نەتەوەکانی تر و پەنا بۆ ئەدەبی بێگانەی پێگەیشتوو دەبەن، ئەدەبی نەتەوەیی (پێنەگەیشتوو) هەوڵدەدات لەسەر یاسا و ڕێساکانی ئەدەبی بێگانەی وەرگیراو بڕوات و خۆی

نوێبکاتەوە، بەمەرجێک ڕەسەنایەتی خۆی بپارێزێت و سنووری نەتەوایەتی نەبەزێنێ. بێگومان (( مێژووی ئەدەب سەلماندوویەتی، کە سەردەمی ڕاپەڕین، ئەو سەردەمە بووە، کە ئەدەب کراوەتەوە و شتی نوێی لە ئەدەبەکانی تر وەرگرتووە و خۆی پێدەوڵەمەند کردووە ))( هلال، ٢٠٠٨، ١٠٠). کەواتە کاریگەربوون بە ئەدەبی نەتەوەیەکی دیکە بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی ئەدەبی نەتەوەیی، شتێکی ئاساییە. (عەزیز گەردی) ئەم کاریگەربوونە لە سێ ڕوانگەوە دەبینێت، وەکو کاریگەربوون ( بە کەسێتی نووسەر، یان لە باری هونەری و چۆنیەتی دارشتنەوە، یاخود لە ڕوانگەی بیروڕای کۆمەڵایەتییەوە )(گەردی، ١٩٧٨، ١٠١). ئەگەر سەرنج بدەینە ئەدەبی کلاسیکی کوردی، ئەم کاریگەربوونە خۆی لە باری هونەری و چۆنییەتی دارشتندا دەبینێتەوە، ئەویش پەیڕەوی کردنی یاسا و ڕێسا و فۆڕم و هونەرەکانی شیعری عەرەبییە و بەرجەستەکردنییەتی لە شیعری کوردیدا، بەڵام (( دەبێ ئاگاداربین لەنێو پرۆسەی کاریگەریی و کارتێکردندا، ئێمە وا تەماشای نەکەین، کە ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی کۆلۆنیالیستییە، بەمانای ئەوەی پەیوەندی داگیرکەر بە داگیرکراوەوە نییە، پەیوەندی سەروەر نییە بە کۆیلەوە، بەڵکو پێوەندییەکی مرۆڤانەیە لەسەر بنەمای تێڕوانینی هاوبەش و کولتوری مرۆڤانەدا دادەمەزرێنێت))(مەولود، ٢٠١٣، ٤٨). واتە بابەتە ئەدەبییەکان، بابەتی مرۆیین و بەئاسانی سنووری زمانەوانی دەبڕن و بە ڕێگەیەک لە ڕێگەکان دەگەنە خوێنەر و نووسەرانی میللەتانی دیکە و لە ئەدەبیاتی تردا لاساییان دەکرێتەوە، بە مەبەستی سودوەرگرتن لە ڕەسەنایەتیی و کولتور و ئەدەبی نەتەوەکانی تر و دەوڵەمەند کردنی ئەدەبی نەتەوەیی.

دیاردەی لێکچوون لە نێوان ئەم دوو دەقەی (نالی) و (عەبداللە بن همام)، کە سەر بە قوتابخانەی کلاسیکین، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییە مێژووییەی کە نێوان ئەدەبی کوردی و عەرەبیدا هەبووە، بۆیە بەپێی تێڕوانینی قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاری مێژوویی فەڕەنسی لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت و لەم بەراورد کردنەدا تیشک دەخەینە سەر ئەم قوتابخانەیە.

**قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاری تەقلیدی فەڕەنسی( قوتابخانەی مێژوویی).**

ئەم قوتابخانەیە، سەبارەت بە ڕۆڵی ئەدەبی بەراوردکاری لە بواری زانستی و میتۆدیدا، بنەما و باکگراوندێکی تیۆری و فەلسەفی هەیە، کە لە سەرووی هەموویانەوە مەیلی مێژووییە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبدا، کە بە درێژایی سەدەی نۆزدەهەم لە فەڕەنسا و ئەوروپا بڵاوبووەوە. لایەنگرانی ئەم ڕەوتە لەو باوەڕەدان کە مێژووی ئەدەب بەشێکی گەورەیە لە مێژووی سەرچاوەکان و بابەتەکان و کەرەستەی ئەدەبی، کە لە ئەدەبی دیکەوە بۆ نێو ئەدەبی نەتەوەیی دەگوازێتەوە، ئەویش بە پشت بەستن بە بەڵگەی باوەڕپێکراو (عبود، ١٩٩٩، ٢٨). ئەم قوتابخانەیە لە لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریدا، جەخت لەسەر ڕێبازی مێژوویی دەکاتەوە، چونکە پێیوایە ناسینەوەی مێژوو یەکێکە لە گرنگترین مەرجەکانی بەراوردکردن و گرنگییەکی زۆری هەیە لە دیراسەکردنی کاریگەرییەکان و ڕێگەیەکە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندییە دووانییەکان لە ئەدەبدا، ئەم قوتابخانەیە ئاڵوگۆڕە ئەدەبییەکانی نێوان دوو ئەدەب بە دوو زمانی جیاواز بە مەرج دادەنێ، ئەگەر لە چوارچێوەی دوو ئەدەب زیاتر بوو، ئەدەب بە زمانی تریشی گرتەوە، ئەوا ئەم قوتابخانەیە ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە لە سنووری بەراوردی ئەدەبی دوور دەخاتەوە بۆ سنووری ئەدەبی گشتی (مەولود، ٢٠١٣، ٥٢). کەواتە بنەمای سەرەکی لە قوتابخانەی بەراوردکاری فەڕەنسیدا، سنووری جیاکەرەوەی نێوان ئەدەبەکان، ئەو زمانەیە کە بەرهەمی ئەدەبی پێ دەنووسرێ، (لەهەمان کاتدا کار لەسەر بنەمای کاریگەریی و کارتێکردنی مێژوویی دەکات، لە دۆزینەوەی پەیوەندییە دووانییەکان لە نێوان دوو ئەدەبدا، چونکە ئەم قوتابخانەیە پێیوایە، هۆکاری بەهێز بۆ گواستنەوەی بابەتی ئەدەبی لە ئەدەبێکەوە بۆ ئەدەبی نەتەوەیی دیکە مەسەلەی هەرەمەکی نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی مێژووییە و لەسەر بنەمای هۆکار

وەستاوە)(عبود، ١٩٩٩، ٢٨)، ئەمەش ئەو شتەیە، کە ئەدەبی بەراوردکاری دەبێت بە بەڵگەی سەرچاوەیی بیسەلمێنێت و لایەنی کاریگەر ئاشکرا بکات. لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە مێژووی ئەدەبی هەر نەتەوەیەک تەنیا مێژووی ئەو ڕووداوانە نییە کە لەنێو ئەدەبی پێشکەوتوودا ڕوودەدات، بەڵکو مێژووی ئەو ئەدەبیاتەیە، کە لە نێوان ئەو ئەدەبە و ئەدەبیاتی دیکەی ئاڵوگۆڕ و کارلێکی پێدەکرێت.

**چەمک و پێناسەی ڕەوانبێژی هونەری کۆکردنەوە (بلاغة الافتنان):**

دەربڕینی ئەدەبی دەچێتە ناو هونەری بنیاتنانەوە، ئەگەر داهێنەر لە دەقەکەیدا هونەری سەرنجڕاکێش لەبەرچاو نەگرێت، ئەوا پەیامەکەی هیچ کاریگەرییەکی لەسەر خواست و دڵی گوێگر(خوێنەر) نابێت، بۆیە شاعیر (داهێنەر) بەدوای شێواز و بەکارهێنانی سەرنجڕاکێشی تایبەت بەخۆیدا دەگەڕێت، تاکو لە دەقەکەیدا ئەو هۆگری و خواستە بۆ خوێنەر دروست بکات. شاعیرانی عەرەب لە کۆندا بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەر، لە دەقە شیعرییەکانیاندا، گرنگییەکی زۆریان بە هونەری ڕەوانبێژی دەدا، بێگومان بەکارهێنانی ڕەوانبێژی لە دێری شیعری کۆندا، کە (ئامانجی توندوتۆڵکردنی پێشەگەریی دێری شیعری و چەسپاندنی جوانییەکەی بوو، وەک پێکهاتە زمانەوانی و ئاماژە سەربەخۆکان، بەهۆی ئەو لایەنە ڕەوانبێژییانەی کە تێیاندابوو، پێویستی بە هیچی تر نەبوو، ئەمانەش بەپێی دەستەواژەی باش و ئاستی داڕشتن دەگۆڕێت)(الدحمني، 2014، 3). یەکێک لەو هونەرە ڕەوانبێژیانەی کە شاعیرانی عەرەب لە کۆندا بەکاریان دەهێنا بۆ سەرنجڕاکێشان، ڕەوانبێژی هونەری کۆکردنەوە (بلاغة الافتنان) بوو، شێخ عەلی محفوظ لە وەسفی (الافتنان- هونەری کۆکردنەوە)، دەڵێت: (هونەرێکی داهێنەرانەیە، سەرنجی دەروونەکان ڕادەکێشێت بۆ بیستنی و خۆشەویستی نوێیان لا دروست دەکات، بە پێچەوانەی ئەوەوە، پابەند بوون بە یەک شێوازی قسەکردن، دەبێتە هۆی بێزاربوونی گوێگر، وەک چۆن مێشکی مرۆڤی بێزاری دەبێت لە دووبارەکردنەوەی یەک شت (دەستەواژە). هەر کاتێک لە شێوازێکەوە بۆ شێوازێکی تر دەچین، دێرەکان و واتاکان ڕوونتر دەبنەوە و چالاکی نوێ سەرهەڵدەدات و تام و چێژ یەکتری تەواو دەکەن و نزیک دەبینەوە لە تێگەیشتنی مانا و مەبەستەکە)(محفوظ، 1984، 60). کەواتە شاعیر ئەم هونەرەی، لەلایەکەوە بۆ سەرنجڕاکێشانی دەروونی خوێنەر و لەلایەکی ترەوە بۆ گەیاندن دوو مانا و مەبەست جیاواز بەکاردەهێنێت، ئەمەش پەیوەستە بە توانا و لێهاتووی شاعیرەوە، هەروەکو د. محمد بن علي الصامل: دەربارەی هونەری کۆکردنەوە، دەڵێت: (ئەم هونەرە ئاماژەیە بۆ بلیمەتی و توانای قسەکەر و واتاکان تێکەڵ دەکات، کە هەموو کەسێک ناتوانێ لە کاتی دەربڕیندا دوو هونەری دژ بە یەکی وەکو (سەرەخۆشی و پیرۆزبایی) تێکەڵی بکات)(http://www.afaqattaiseer.net). کەواتە (هونەری کۆکردنەوە) کۆکردنەوەی دوو هونەر، یاخود دوو جۆر مانا و مەبەستی جیاواز و دژ بەیەکە، لە یەک دەقدا، وەک خۆشەویستی و ئازایەتی، ستایشکردن و تەنز ( جنێودان) و سەرەخۆشی و پیرۆزبایی، کەواتە مەبەست گەیاندنی دوو پەیامە لە یەک کات و لە یەک دەقدا.

مێژووی بەکارهێنانی هونەری کۆکردنەوە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جاهیلی و لەلای شاعیرانی (معلقات سبعة)، بەکارهاتووە، لەوانە (امر القیس، عنتر و زوهیر بن سلمی.. )یە، کە بەشێک لە ( ڕەوانبێژی تێکستە شیعرییەکانیان بە ڕەوانبێژی هونەری کۆکردنەوە پێکدەهێنا و سوودیان لە دوو جۆر واتایی هونەری جیاواز و دژ بەیەک وەردەگرت، بەو مانایەی کە شاعیر چەند مەبەستێکی شیعری لە دەقێکدا، لە مەودای نێوان ماناکان بەکاردەهێنا، وەک هێنانی خۆشەویستی و ئازایەتی و ستایش و تەنز، هەموو ئەمانە بەگوێرەی مەبەست و تایبەتمەندی خۆی لە شیعریدا بەکاردەهاتن )(الدحمني، 2014، 3).

لەسەردەمی ئیسلامیشدا، دەقەکانی قورئانی پیرۆز گەواهیدەری هونەری کۆکردنەوەن، ( لەگەڵ شێوازی بەهێز و باشترین ناوەرۆک و شیرینی وشە و دروستی ماناکان و دوور لە بیری دووبارەبۆوە، وەک چیرۆکی ئادەم و خواردنی لە درەختەکە و دەرکردنی لە بەهەشت و چیرۆکی ئیبراهیم لەگەڵ میوانەکەی و باوکی و گەلەکەی و چیرۆکی موسا لەگەڵ فیرعەون، ئەم چیرۆکانە لە قورئانی پیرۆزدا لە چەند شوێنێکدا باسکراون)(محفوظ، 1984، 60). دواتریش هونەری کۆکردنەوە ، لەسەردەمی (ئەمەوی) و (عەباسییەکان)... لە شیعری شاعیرانی عەرەبدا بەدیدەکرێت، هەروەها ئەو نەتەوانەی وابەستەی زمانی عەرەبی بوون و کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی عەرەبی، ئەم هونەرەیان لە دەقە شیعرییەکانیاندا بەکارهێناوە. هونەری کۆکردنەوە لە زۆر دەقی ئەدەبی کلاسیکی کوردیشدا بەرچاو دەکەوێت، وەکو داستانی (مەموزین )ی ئەحمەدی خانی، کە بەشیعرە و باسی خۆشەویستی و قارەمانییەتی دەکات، هەروەها شیعری ( تافەلەک دەوری نەدا سەد کەوکەبی ئاوانەبوو)ی نالی کە باسی مردنی (سلێمان پاشا )ی بابان و هاتنە سەر تەختی میرایەتی (ئەحمەد پاشا) دەکات.

چەمکی هونەری کۆکردنەوە پەیوەست کراوە بە هونەری جوانکارییەوە، کە تایبەتمەندی دژەکان لەلایەک و مەبەستەکانی شیعر لەلایەکی دیکە لە خۆ دەگرێت(ئەلمۆدب، 2014، 34). ئەم چەمکە یەکێکە لە پێکهاتەکانی دەقی ئەدەبی و لەسەر تێکەڵکردنی دوو مانا و مەبەستی جیاواز دامەزراوە و هەوڵی هاوسەنگی دەدات لە نێوان دوو پەیام و گوتاری جیاوازدا، کە لە بنەڕەتدا دژ بە یەک و ناهاوسەنگن. شاعیر لە ڕێگەی ئەم هونەرەوە هەوڵدەدات، مەبەست و بۆچوونەکانی خۆی لە دەقی شیعریدا بەشێوەیەکی سەرنجراکێش بگەیەنێت. لەسەر ئەم بنەمایە هەوڵ دەدەین چەمکێکی ڕەوانبێژی هونەری کۆکردنەوە لە تێکستی شیعریدا ڕوون بکەینەوە، لەم ڕوانگەیەوە چەند پێناسەیەکی (هونەری کۆکردنەوە) دەخەینە ڕوو، کە شارەزایانی ئەدەب بۆ ئەم هونەرەیان کردووە و تاڕادەیەک پێناسەکان هاوشێوەن، یەکێک لەوانە ابن ابی ابصبح ئەلمصری، لە کتێبی (التحریر التحبیر)دا پێناسەی ئەم هونەرەی کردووە و دەڵێت:( هونەری کۆکردنەوە (الافتنان) ئەوەیە قسەکەر، دوو هونەری قسەی دژ بەیەک، لە هونەرەکانی قسەکردن، لە یەک دێڕدا یان یەک ڕستەدا دەهێنێت، وەک خۆشەویستی، ئازایەتی، پیرۆزبایی و سەرەخۆشی)(المصري، 654هـ، 588).

(شێخ علی محفوز) لە پێناسەکردنی (هونەری کۆکردنەوە)دا، دەڵێت: جۆرێکە لە جۆرەکانی جوانکاری، کە بریتییە لە کۆکردنەوەی دوو شێوەی هونەری قسەکردن لە یەک دەقدا، وەک کۆکردنەوە لە نێوان سەرەخۆشی و پیرۆزباییدا (محفوظ، 1984، 60 ).

(عبدالحمن حبنكة الميداني)، دەربارەی ئەم هونەرە دەڵێت: بەکارهێنانی دوو شێوەی هونەری جیاواز، یان زیاتر لە یەک دەربڕیندا، وەک ستایش و تەنز، شانازی و بەرەنگاری، پیرۆزبایی و سەرەخۆشی (الميداني، 1996، ٤٧٥).

ئەگەر سەرنجی ئەم پێناسانە بدەین بۆمان دەردەکەوێت، تاڕادەیەک یەک مانا و مەبەست دەگەیەنن، ئەویش ئەوەیە، کە شاعیر بۆ کۆکردنەوەی دوو مەبەست و مانای جیاواز لە یەک دەقدا، پەنا بۆ ئەم هونەرە دەبات. ئەم هونەرە لە بنەڕەتدا دەچێتە ناو هونەری ڕەوانبێژی (جوانکاری)یەوە، واتە شاعیر بۆ ڕازاندنەوە و سەرنجراکێشانی خوێنەر (گوێگر) ئەم هونەرە (کۆکردنەوە) بەکاردەهێنێت. ئەمەش هانی خوێنەر دەدات بۆ خوێندنەوە و کارلێک کردن لەگەڵ تێکستە شیعرییەکەدا.

**جیاوازی نێوان هونەری کۆکردنەوە (الافتنان) و دژیەک**

هونەری کۆکردنەوە، کۆکردنەوەی دوو مەبەستی واتاداری دژ بەیەکە، کە هەر یەکێکیان ئەوی تریان تەواو دەکات، واتا هەلومەرجی قسەکردنەکە وا دەخوازێت، کە دوو مەبەست و بابەتی پیویست، دەبێت لە یەک کاتدا بێن و ئاماژەیان پێ بکرێت، وەکو (خۆشەویستی و قارەمانییەتی) و (پیرۆزبایی و سەرەخۆشی). واتە هونەری کۆکردنەوە (ماناکەی بەستراوە بە پێکهاتەیەکی واتایی قووڵەوە، ئەو پێکهاتە واتاییە درەوشاوەیە، کە لە قسەکردنەکەدا دەردەبڕدرێت)(الهاني، 2020، 84). لە هەمانکاتدا دەکرێت بڵێین ئەو مەبەستانەی کە لە دەقەکەدا باسیان لێوەدەکرێت، ڕاستەقینەن و مێژووی ڕوودانەکەشیان دیارە، وەک چیرۆکە ئاسمانییەکان، چیرۆکی خۆشەویستی و فیداکاری، مردنی پاشا و جێگرتنەوەی کوڕ...

بەڵام دژیەک: (بریتییە لە کۆکردنەوەی دووشەی دژ بەیەک لە واتادا، لە دێڕێک، یان نیوە دێڕە شیعرێکدا، دەکرێت وشە دژیەکەکان، ناو، هاوەڵناو، هاوەڵکار، کرداربن، یان وشەی جیاواز بن)( الهاشمي، 2017، 365)، شاعیر هونەری دژیەک بۆ ئاشکراکردنی مەبەستێکی دڵی خۆی بەکاردەهێنێت و بەراوردی دەکات بە دیاردەیەکی دیکەی واقیعی. دژیەک گشتییە و شاعیر ڕووی قسەی لە تەواوی خەڵکە و زیاتر بۆ ئامۆژگارییە، هەروەکو مەحوی دەڵێت:

ئەر لە دنیا چاکەیێ سادر بوو، تەفرەی پێ نەخۆی

ڕووسپی هەر ڕووڕەشە گەر بێ سەد ئازایی بـــکا (مەحوی، ١٣٧٩، ٤٩).

لێرەدا وشەی (ڕووسپی * ڕووڕەش) دوو ناون و لە واتادا دژ و پێچەوانەی یەکترن، مەحوی لەم دێڕە شیعرەدا، دنیا بەراورد کردووە بە ئافرەتی خۆفرۆشی ڕووڕەش، کە وەکو کراسێکی سپی جوان و ڕازاوە، هەر تاوێ بە بەری کەسێکەوەیە. بۆیە وەک چۆن جاوەڕوانی داوێن پاکی لە ئافرەتی خۆفرۆش ناکرێ، چاوەڕوانی چاکەش لە دنیا ناکرێ، جا ئەگەر بە ڕێکەوت هەڵکەوت جارێک چاکەیەک لە دنیا وەشایەوە باوەڕی پێ مەکەن.

لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە دژیەک بۆ ئاشکراکردنی دیاردەیەکە بەشێوەیەکی هونەری، کە لەوانەیە دیاردەیەکی ڕاستەقینەی نامۆ کۆمەڵگە بێت، بە مەبەستی چارەسەر کردنی ئەو دیاردەیە، یاخود بۆ مەبەستی ئاشکراکردنی زانیاری بێت، شاعیر لە شێوەی مەتەڵ دەیهێنێت، زیاتر بۆ ئامۆژگاریی و بەدەستهێنانی زانیارییە، مێژووی ڕاستەقینەی دیاردەکە دیار نییە، بەڵام هونەری کۆکردنەوە، کۆکردنەوەی دوو پەیام و مەبەستی جیاوازە لە دەقێکدا وە تایبەتمەندی لە خۆدەگرێت، واتە پەیامەکە ئاراستەی کەسێکی دیاریکراو و ناسراوی ناو دەقەکە دەکرێت، وە مێژووی ڕووداو و کارەساتەکە تاڕادەیەک، لەناو دەقەکەدا دیارە.

**بەشی دووەم:**

## بەراوردی هونەری کۆکردنەوە لە نێوان شیعرێکی نالی و عبدالله بن همام السلولی

ڕەوانبێژی هونەری کۆکردنەوە (بلاغة الافتنان)، جۆرێکە لە هونەرەکانی جوانکاری واتایی، مێژووی داهێنانی ئەم هونەرە دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام، لەلایەن شاعیرانی (معلقات سبعة)ەوە، لە شیعردا بەکارهاتووە. لەگەڵ هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلامیش لە چیرۆکە قورئانییەکاندا بەرچاو دەکەوێت. هەروەها لەسەردەمی ئەمەوی و قۆناغەکانی شیعری

عەرەبیدا ئەم هونەرە بەکارهاتووە. دواتریش لەنێو شیعری میللەتانی مسوڵمانی ناعەرەب، کە کاریگەریی زمان و ئەدەبی عەرەبییان بەسەرەوە بووە دەرکەوتووە. شاعیری کوردیش، کە کاریگەر بووە بە زمان و ئەدەبی عەرەبی، ئەم هونەری وەرگرتووە و لە شیعردا بەرجەستەی کردووە. ئەمە کاریگەربوونەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار:

١- هۆکاری سیاسی: لەلایەکەوە میللەتانی دراوسێ، کە فەرمانڕەوایی کوردییان کردووە، کولتور و زمان و ڕۆشنبیری خۆیان بەسەر کورددا فەرزکردووە، ئەدەبی کوردی کارتێکردنی ئەو ئەدەبیاتانەی پێوە دیارە، بەپلەی یەکەم ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسی و تورکی، کە کاریگەرییان بەسەر ئەدەبی کوردیدا هەبووە (شوان، ٢٠١٤، ١٢١)، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە شاعیرانی کورد، لە ڕێگەی خوێندنەوەی دەقە شیعرییەکانی شاعیرانی ئەو نەتەوانەوە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی ئەو زمانانەوە.

٢- هۆکاری ئایینی: لەلایەکی دیکەشەوە شاعیرانی کلاسیکی کوردی (کرمانجی سەروو – ناوەڕاست)، بە حوکمی ئەوەی کە فەقێ و دەچووی حوجرەی مزگەوت بوون، واتە خوێنەری کورد جگە لە خوێندنی بابەتە شەرعییەکانی ئیسلام، دەبوو شارەزایی باشیشی لە مێژووی ئیسلام و خەلافەتەکانی و زمانی عەرەبی و فارسی و هونەرەکانی شیعری عەرەبیدا پەیداکردبا، بۆیە دەبینین شاعیرانی کورد کاریگەریی ئایین و مێژووی ئیسلام و زمان و ڕۆشنبیری عەرەبی بەسەریاندا زاڵبووە و هەوڵیانداوە لە شیعرەکانیاندا شوێن پێی شاعیرانی عەرەبی و فارسی هەڵبگرن و لە هۆنراوەکانیاندا پەیڕەوی پەیام و کێش و سەروا و هونەرەکانی ڕەوانبێژی شیعری عەرەبی بکەنەوە و لە شیعری کوردیدا بەکاریان بهێنن، کەواتە پەیوەندییەکی مێژوویی سیاسی و ئایینی زاڵ هەبووە، تا ئەدەبی کوردی بکەوێتە ژێرکاریگەری ڕۆشنبیری و ئەدەبی عەرەبییەوە.

بێگومان نالی بە حوکمی ئەوەی مەلابووە و دەرچووی حوجرەی مزگەوت بووە، شارەزایی باشی لە زمان و ئەدەبی عەرەبی و مێژووی عەرەبی ئیسلامی و پەیام و هونەرەکانی ڕەوانبێژی شیعری شاعیرانی ئیسلامی هەبووە، واتە بنەما ڕۆشنبیری و ئیسلامییەکە فاکتەری بنچینەیی بوون بۆ ئەوەی نالی ئاگاداری مێژوو و پەیام و هونەری شیعری ئیسلامی بێت.

لەم توێژینەوەیەدا بەراوردی (ڕەوانبێژی هونەری کۆکردنەوە) لە نێوان شیعرێکی (نالی کوردی) و (عبداللە بن همام السلولی – عربی)، دەکەین، هەرچەندە ئەم دوو شاعیرە لە ڕووی سەردەمی مێژووییەوە لە یەکەوە دوورن، بەڵام ناکرێت نالی شیعری شاعیرێکی ناوداری سەردەمی ئەمەوی، وەک ( عبداللە بن همام السلولی ) نەخوێندبێتەوە، کە باس لە ڕووداوێکی ڕاستەقینەی مێژوویی سەردەمی ئەمەوییەکان دەکات، وەک دەبینین هەمان ئەو ڕوودا و پەیامەی کە لە شیعری عبداللە دا هەیە، لە شیعری نالیشدا هەیە، هەروەکو چۆن عبداللە هونەرەی کۆکردنەوەی بۆ کارەسات و ڕووداوی مردنی خەلیفە مەعاویە و جێنشینی یەزیدی کوڕی لە شیعردا بەکارهێناوە. نالیش لە سەردەمی بابانەکاندا ئەم هونەرەی بۆ کارساتێکی لەو شێوەیەی، وەک مردنی سلێمان پاشای بابان و هاتنە سەر تەختی میرایەتی ئەحمەد پاشای کوڕی بەکار هێناوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە کاریگەریی شیعری عبداللە بەسەر شیعری نالیدا دیارە، چونکە لە ڕووی مێژووییەوە عبداللە پێش نالی ژیاوە.

**نالی**

نالی (١٨٠٠ – ١٨٧٥ ز)، شاعیری سەردەمی بابانەکان بووە و یەکێکە لە شاعیرانی کلاسیکی کوردی، کە پەیڕەوی لە دەستور و یاسا و هونەرەکانی ڕەوانبێژی شیعری کلاسیکی عەرەبی کردووە. لە کاتی مردنی سلێمان پاشای بابان و هاتنە سەرتەختی میرایەتی (ئەحمەد پاشای کوڕی) شین و پێشوازی لە شیعرێکدا کۆدەکاتەوە، واتە هاوخەمی بۆ لەدەستدانی (سلێمان پاشای باوک) و دڵخۆشی و پێشوازی (ئەحمەد پاشای کوڕ). لەم شیعرەدا ڕەوانبێژی هونەری کۆکردنەوە، هێز و تینێکی زۆری بە دەقە شیعرییەکە داوە، چونکە نالی توانیویەتی دوو مەبەست و پەیامی دژ بە یەک لەم دەقە شیعرییەدا کۆبکاتە، هەروەکو دەڵێت:

**تا فەلەک دەوری نەدا – صەد کەوکەبی ئاوا نەبوو**

**کەوکەبی میهری موبارەک تەڵعەتی پەیدا نەبوو (١)**

**تا نەگریا ئاسمان و تەم وڵاتی دانەگرت**

**گوڵچەمەن ئارا نەبوو، هەم لێوی غونچە وا نەبوو (٢)**

**تا چەمەن پیرا لەسەر، ئەصڵی درەختی لانەدا،**

**فەرعی تازە، خوڕەم و بەرز و بوڵەند باڵا نەبوو (٣)**

**تا (سولەیمانیان) نەبوونە صەدری تەختی ئاخیرەت،**

**(ئەحمەدی موختار)ی ئێمە شاهی تەخت ئارا نەبوو (٤)**

**قیصصە بێ پەردە و کینایەت خۆشە: شاهی من کەوا**

**عادیلێ بوو، قەد عەدیلی ئەو لە دنیادا نەبوو(٥)**

**بۆ نیشینگەی مورغی ڕۆحی ئەو کە عالی فیطرەتە**

**جێگەی خۆشتر لە ڕەوضەی (جنة المأوى) نەبوو ( ٦ )**

**وەک قیاسێکی کە موثبەت بێ، نەتیجەی بێتە جێ**

**حەمدو لیللا شەهـ کە عالی جابوو، خالی جا نەبوو (٧)**

**شاهی جەم جا (نالیا) (تاريخ جم) تەئریخیە**

**دا نەڵێن لەم عەصرەدا ئەسکەندەری جەم جا نەبوو (٨).** (نالی، ١٣٦٨، ٣٧٦).

بیرکردنەوەیەکی قوڵی ڕەوانبێژی لە شیعری نالیدا سەرچاوەی گرتووە، کە بە خەسڵەتە شیعرییەکانییەوە دیارە، شیعرەکانی لەسەر شێوازی هونەری و بابەتی دامەزراندووە، لە ڕووی پیشەسازی و دارشتنی ڕەوانبێژییەوە پێویستی بە

بیرکردنەوە و لێکدانەوە و گەڕان بەدوای ئاستبەرزی دەربڕین هەیە، هەروەکو لە شیکردنەوە و ڕاڤە ئەم دەقەدا دەردەکەوێت:

١)- تا زەوی خولی نەخوارد بەدەوری خۆیدا و ئاسمان تاریکایی نەهێنا بەسەریدا و سەدان ئەستێرە ئاوا نەبوون و لە درەوشاوەیی نەکەوتن، ئەشتێرەی ڕۆژی پیرۆز ڕوناکی پڕشنگداری دەرنەکەوت. لێرەدا تاریکایی شەو حزنە و تەعزییە و ئاماژەیە بۆ مردنی (سلێمان پاشای بابا)، (دەور) لە زمانی عەرەبیدا بەمانای ساڵ لێکدراوەتەوە، (صەد کەوکەبی ئاوا نەبوو)، کە کینایەیە و ئاماژەیە بۆ ئاوابوون و کۆژانەوەی ساڵەکانی تەمەنی (سلێمان پاشا). (کەوکەبی میهری موبارەک تەڵعەتی پەیدا نەکرد) خۆشی و پێشوازییە لە پاشای نوێ، کە مەبەست (ئەحمەد پاشای بابانە)، واتە تاوەکو (سلێمان پاشا) کۆچی دوایی نەکرد، هەستمان بە ڕووناکی توانا و دانایی (ئەحمەد پاشای کوڕی) نەکرد.

٢)- تا لە ئاسمانەوە باران نەبارییە سەر زەویی وڵاتی بابان و تەم وڵاتی دانەگرت، گوڵ و چیمەن پاراو نەبوون و خونچەش دەمی نەدایەوە، واتە هەروەکو چۆن ئاسمان باران دەبارێنی و تەم زەوی دادەگرێ، خەڵکی مرنشینی بابان بەهۆی مردنی (سلێمان پاشای بابان)ەوە، وەکو ئاسمان فرمێسکیان ڕشت و خەم وەکو تەم دڵی خەڵکی وڵاتی بەبەی داگرت، بەڵام بەهاتنە سەر تەختی پاشایەتی (ئەحمەد پاشا)، دڵی تینووی خەڵکی بابان تێر ئاوبوو، گەشایەوە و ئارامی و دڵنەوایی بۆ گەڕایەوە. لێرەدا شاعیر لە نێوان سروشت و مرۆڤدا خواستنی درکاوی دروستکردووە، وەک (ئاسمان و خونچە) سیفەتی مرۆڤیان وەرگرتووە.

٣)- تا باغەوانی قەدەری ئیلاهی لقە پیرەکانی بنچینەی درەخت نەبڕێتەوە، لق و چرۆی نوێ بەرز و بڵند و باڵا نابن. لێکدانەوەی گوزارشتی ئەم دێرە، ئەوەیە، تا بە قەدەری ئیلاهی (سلێمان پاشای باوک) وەفاتی نەکرد، لێوەشاوەیی و بلیمەتی (ئەحمەد پاشای کوڕ) دەرنەکەوت.

٤)- تا سلێمانەکان جێگەیەکی پایە بڵندتر و شکۆمەندتریان لە ئاخرەتدا وەرنەگرت، (ئەحمەدی پاشا) هەڵنەبژێردرا و نەهاتە سەر تەختی پاشایەتی. وڵات دڵنەوایی و ئارامی بۆ نەگەڕایەوە. لێرەدا (سلێمانان) ناوێکی کۆیە و بەهۆی نیشانەی (ان) کۆکراوەتەوە، کە مەبەست لە پێغەمبەر (سلێمان – علیە صلات و السلام) و (سلێمان پاشای بابان)ە. لێرەدا شاعیر دەیەوێت لە ڕێگەی هونەری ڕەوانبێژی (تیلنیشان)ەوە، ئاماژە بە پایە بڵندی و شکۆمەندی (سلێمان پاشای بابان) بکات. هەروەها بەکارهێنانی دەستەواژەی (ئەحمەدی موختار) تیلنیشانە، کە ئاماژەکردنە بە (پێغەمبەر محەمەد – صلی الله علیە وسلم)، کە سیفەتی (موختار) هەڵبژێردراوی پێ بەخشراوە لەلایەن خواوە، (ئەحمەد پاشا)ش سیفەتی هەڵبژێردراوی و پێشەوایی و ڕێبەرایەتی بۆ گەلەکەی لە ئیمارەتی بابان پێ بەخشراوە.

لەم چوار دێرەی سەرەتا شاعیر هاوسەنگی ڕاگرتووە، واتە لە نیوەدێری یەکەمی هەر چوار دێرەکەی سەرەتا سەرەخۆشی و پەرۆشییە بۆ (سلێمان پاشا) و لە نیوەدێری دووەمی هەر چوار دێرەکە خۆشی و پێشوازیکردنە لە (ئەحمەد پاشا)ی کوڕی.

٥)- شاعیر لەم دێرەدا وەسفی کردەوەکانی (سلێمان پاشای بابان)ی کۆچکردوو دەکات و دەڵێت: قسە بە ڕوون و ئاشکرایی و بێ پێچ و پەنا خۆشە، ئەو شاهەی من دادوەرێک بوو بۆ گەلەکە، قەد دادوەری وەک ئەو لە دونیادا دروست نەبووە.

٦)- ڕۆحی پاک و پیرۆزی (سلێمان پاشا)ی کۆچکردوو لە بەرزترین پلەوپایەدایە، بۆیە چۆتە جەستەی باڵندەیەکی پاکی بەرزەفڕەوە و لە باغی بەهەشتی نەبڕاوە دایە، جێگەکەی خۆشترە لە ژیانی دونیا. بێگومان مەنزڵ و نیشینگەی ڕۆحی بڕواداری موسوڵمان جۆراوجۆر و جیاوازە لە ژیانی بەرزەخیدا، هەندێک کەس بەهۆی کار و کردەوە چاکەکانییەوە، ڕۆحی لە بەرزترین شوێن و پایەدایە و ڕۆحی دەکرێت بە بەری باڵندەیەکی بەرزەفڕەوە و بە ئارەزووی خۆی بەناو باغی بەهەشتدا دەگەڕێت. ئەم دێرە شیعرە ئاماژەیە بە فەرموودەیەکی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)، کە دەفەرموێت: ((إنما نسمة المؤمن طائر يعلق في شجر الجنة، حتى يرجعه الله إلى جسده يوم يبعثه)) (سازانی، ٢٠١٠، ١١٦). واتە ڕۆحی باوەڕدا دەکرێت بە بەر باڵندەیەکدا و بە درەختانی بەهەشتەوە دەگیرسێتەوە، هەتا خوا ئەیگێڕێتەوە ناو جەستەی، لەو ڕۆژەی زیندوو دەکرێتەوە

٧)- وەک پێوەرێکی چەسپاو و (قەدەرێکی ئیلاهی دیاریکراو)، گومانی تێدا نییە، دەبێت ئەنجامەکەی بێتەدی، شاعیر سوپاس گوزارە بەو ئەنجامە، کە دەڵێت، (عالی جابوو خاڵی جا نەبوو)[1] لەکاتێکدا کە (سلێمان پاشا)ی باوک وەک چۆن پیاوێکی پایە بەرز بوو، بەڵام جێگەکەی کوێر و خاڵی نییە، بەڵکو پایەبەرزێکی وەک (ئەحمەد پاشا)ی کوڕی جێگەکەی پڕکردۆتەوە.

(( لە نێوان (عالی جا) و (خاڵی جا)دا ڕەگەزدۆزی ناتەواو هەیە، لە نیوەی دووەمی بەیتەکەشدا جوانی بایس هەیە بۆ نیوەی یەکەمی))(نالی، ١٣٦٨، ٣٧٥). ئەگەر سەرنج بدەینە دێرەکانی (٥، ٦، ٧) هەرسێکیان وەسفی کارەچاکەکانی (سلێمان پاشا)ی کۆچکردووە.

٨ - لەم دێرە شیعرەی کۆتاییدا نالی، ئاماژە بە هاتنە سەر تەختی میرایەتی (ئەحمەد پاشا) دەکات، کە بە شاهی جیهانگیر دەیچوێنێ و مێژووی ئەم دەسەڵات گرتنەی ئەحمەد پاشا بە حروفی ئەبجەدی دیاریکردووە، بەپێی لێکدانەوەی (مەلا عبدالکریمی مدریس)، کە بەپێی حروفی ئەبجەدی بۆ ڕستەی (تأريخ جم)ی کردووە، دەکاتە ((١٢٥٤ هـ، کە بەرامبەر (١٨٣٨ – ١٨٣٩) دەوەستێت))[2]. نالی بۆیەش ئەم ڕستەیە بە تاریخی کۆچی دیاری کردووە، تا کەس نەڵێ لەم چەرخەدا پادشایەکی تری وەک (ئەسکەندەری مەکدۆنی)[3] نەبووە، کە جێگەی باوکی (ڤیلیپ) دووەمی گرتبێتەوە، نالی لەم دێرەدا تیلنیشانی بەکارهێناوە، تاکو خوێنەر لە ڕێگەی هێز و شکۆ و زانایی و دانایی و دەسەڵات و پایەداری ئەسکەندەری

1- مەلا عبالکریمی مدریس سەبارەت، بەم نیوەدێرە، دەڵێت: نالی دەیەوێت ئەوە بڵێت، زیاتر وایە پیاوی پایە بەرز وەچەیەکی وای لەپاش بەجێ نامێنێ، ئـەوەندە پایە بەرز بێ و جێگەی بگرێتەوە، بەڵام سلێمان پاشا وانەبوو، لەگەڵ ئەو پایە بەرزییەشدا کە هەی بوو، پایە بەرزێکی وەک ئەحمەد پاشای کوڕی لێ بەجێما و جێگەکەی گرتەوە. (نالی، ١٣٦٨، ٣٧٥).

2- بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی (تاریخ جەم جا)، کە نالی ئەم مێژووەی بە حروفی ئەبجەدی دیاری کردووە، بگەڕێوە بۆ لێکدانەوەکانی مەلا عبدولکەریمی مدریس لە دیوانی (نالی، ١٣٦٨، ٣٧٥).

3- **ئە**سکەندەر لە ساڵی ٣٣٦ پێش زایین لە شوێنی باوکی فیلیپی دووەمی مەقدۆنی، کەوتە سەر تەختی وڵات و شانشینییەکی لە باوکیەوە بە میرات گرت، سوپایەکی گەورەی دروست کرد، توانی سوودی لێ وەربگرێت، بۆ گەیشتن بە ئامانجە فراوانخوازییەکانی باوکی لە ساڵی ٣٣٤ پێش زایین لە تەمەنی بیست و یەک ساڵیدا، هەڵمەتێکی دژی فارس دەستپێکرد توانی فارسەکان بشکێنێت و لە ئاسیا دەریان بکات. پاشان لە زنجیرەیەک هەڵمەتدا دەستی بەسەر خشڵ و زێڕەکانیاندا گرت و دەسەڵاتی سەربازی ئیمپراتۆریەتی فارسی هەخامەنشیەکان لەناوبرد، لە چەندین شەڕی چارەنووسسازدا. دیارترینیان شەڕەکانی (ئیسێۆس و گۆگامێلا) بوون لە کۆتاییدا ئەسکەندەر توانی دەسەڵاتی شای فارسی داریۆسی سێیەم بڕوخێنێت و تەواوی خاکی ئیمپراتۆریەتەکەی داگیر بکات بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ سەرچاوەی (لمب، ٢٠١٩، ١٢ ، ٥٩). ئەو خاکانەی کە لە ژێر دەستیدا بوون لە دەریای ئادریاتیکەوە لە ڕۆژئاوا تا ڕووباری ئیسێوس لە ڕۆهەڵات درێژبۆتەوە..

گەنجەوە، هێز و شکۆ و زانایی و دانایی و دەسەڵاتی ئەحمەد پاشایان بۆ ڕوون بێتەوە. لێرەدا نالی ئاماژە بە ئەسکەندەر دەکات، کە لە تەمەنی گەنجییەتیدا دەسەڵاتی گرتووە، واتە ئەو کاتەی کە ئەحمەد پاشاش دەسەڵاتی گردووتە دەست، لە تەمەنی گەنجیدا بووە.

**عبدالله بن همام السلولى**

عبدالله بن همام السلولی، (٢٠ هـ - ٩٨ هـ). لە ژیاندا بووە، یەکێک بوو لە شاعیرانی دەوڵەتی ئەمەوی، پیاوێکی بەشکۆ بووە و پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ (خەلیفە مەعاویە)دا هەبوو، لەلایەن بنەماڵەی حەرب بن ئومەویەوە ڕێزی لێدەگیرا، عبدالله لە دوای مردنی (مەعاویە) بەیعەتی بە (یەزیدی کوڕی معاویە) داوە، کاتێک بوو بە خەلیفە (http://www.afaqattaiseer.net). لەو کاتەی کە خەلیفە (مەعاویە) کۆچی دوایی دەکات (عبدالله) بە دوو کۆپلە شیعر، دڵنەوایی و سەرەخۆشی و پیرۆزبایی لە هوزی ئومەیە و یەزیدی کوڕی مەعاویە دەکات:

بەشی یەکەم، کە خۆی لە (٥) نیوەدێڕدا دەبینێەوە، دڵنەواییەوە و داوای ئارام گرتن لە هۆزی (بنی ئومەیە) دەکات بۆ لەدەستدانی (مەعاویە) و دەڵێت:

تعزوا یا بني حرب بصبر      فمن هذا الذي يرجو الخلودا؟

لعمرو مناخهن ببطن جمع      لقـــــد جهزتم ميتا فقـــــيدا

فقد أضحى العدو رخي بال      وقد أمسى التقي بهــا عميدا

فعاض الله أهل الدين منكم      ورد لنا خلافتكم جـــــــديدا

لقد وراى قلبيكم بيانــــــــــا      وحلما لاكفاء لـــــــــه وجودا  (السلولی، ١٩٩٦، ٤٩).

١- دڵنەوایتان بێت ئەی بنی حرب لەسەر ئارام گرتن - ئایا کێ هەیە هیوای ئەم جۆرە نەمرییە **نەخوازێت**؟ دیارە شاعیر لەم دێرە هۆنراوەیەدا داوا لە هۆزی (بن حرب) دەکات، ئارام بگرن لەسەر لەدەستدان و کۆچی دوایی (مەعاویە)ی خەلیفەی ئەمەوی، پێیوایە کە مەعاویە گەیشتۆتە پلە و مقامێکی بەرز و ژیانێکی نەبڕاوەی قیامەتی هەتا هەتایی، بۆیە پێیان دەڵێت: کەس هەیە خۆزگە بەم مردنە نەخوازێت، کە گەیشتۆتە ژیانێکی نەبڕاوە؟ بێگومان مەعاویە (ڕەزای خوای لێبێت) دوا هاوەڵی پێغەمبەر بووە، کە بۆتە خەلیفە و باشترین سەرکردەی مسوڵمانان بووە لە دوای خولەفای ڕاشیدین. ابن همام ئەم دێرە هۆنراوەیەی وەک ئاماژەیەک بۆ ئایەتی (١٠)ی سورەتی (حدید) بەکارهێناوە، هەروەکو خوای گەورە، دەفەرموێت: **(وَكُلًّا وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَىٰ ۚ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ(١٠)**، ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر فەزڵ و پلەو پایەی هاوەڵان، چونکە خوای گەورە مژدەی بەهەشتی بە هەموو هاوەڵانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) داوە (عبدالکریم، ٢٠٢٠، ٧٧٩).

٢- ئێوە شیوەن بۆ تەمەنێک دەکەن، کە لە ناخ و سکی هەمووتاندایە - و بۆ مردن ئامادەتان **کردووە**. ابن همام ئەم دێرەشی وەک ئاماژەیە بۆ ئایەتی ژمارە (٣٤) سورەتی الأعراف، بەکارهێناوە، کە خوای گەورە دەفەرموێ **((وَلِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ ۖ فَإِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ لَا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً ۖ وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ  (٣٤)**، واتە (هەموو ئومەتێک کاتی دیاریکراوی خۆیان هەیە،

کە تیایدا ئەجەلیان دێت، وەکاتێک ئەجەلیان دێت، تەنها یەک چرکە و کاتێکە، کە نەدوادەکەوێت، نەپێشدەکەوێت)(عبدالکریم، ٢٠٢٠، ٢١١).

٣- ئێوە بەهۆی ئەم دڵتەنگییەتانەوە دوژمنانتان خۆشحاڵ کردووە، لە خوا بترسن، کە بەهۆی ئەم کارەساتەوە زۆر **دڵتەنگن**. لێرەدا شاعیر داوای خۆڕاگری لە هۆزی (بەنی حرب) دەکات و داوایان لێدەکات، کە دڵی دوژمن بەخۆیان خۆش نەکەن.

٤- خوای گەورە یارمەتیدەری ئێوەی ئەهلی دین بێت - و قەرەبووتان بکاتەوە به خەلافەتێکی **نوێ**. لێرەدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەیە بە (یەزید)ی کوڕی مەعاویە، کە بە زوویی خەلافەتەکە بگرێتە دەست.

٥- بەدڵنیاییەوە دڵی کۆچکردوو مژدە پێدراوە، و لە خەونێکی خۆش دایە و وێنەی نییە. بێگومان ڕۆحی بەندەی بڕوادار لە گۆڕدا، دەکەوێتە حاڵەتی خەوێکی خۆش، تا ڕۆژی دوایی زیندوو دەکرێتەوە.

لە بەشی دووەمدا سەرەخۆشی و پیرۆزبایی لە (یەزید) دەکات. (لەو کاتەی کە خەلیفە مەعاویە کۆچی دوایی دەکات و یەزیدی کوڕی شوێنی دەگرێتەوە، خەڵکی دەچن بۆ پیرۆزبایی، لەم کاتەدا ( عبدالله) بە شیعرێک سەرەخۆشی و پیرۆزبایی هاتنە سەر تەختی خەلافەت لە یەزید دەکات)(محفوظ. 1984: 60 ) و دەڵێت:

اصبر يزيد فقد فارقت ذا ثـــــقة واشكر بلاء الذي بالود أصفاكا

أصبحت تملك هذا الخلق كلهم فأنت ترعاهم والله يرعاكــــــــا

فان رزي أحد في الناس نعلمه كما رزئت ولا عقبى كعقباكــــا

وفي معاوية الباقي لنا خلـــــــف اذا نعيت ولا نسمع بمنعاكـــــــا (السلولي، 1996، 49).

١- ئارام بگرە یەزید، لە ڕاستیدا تۆ کەسێکی باوەڕپێکراوت بەخشی – وە سوپاسی خودا بکە، کە تۆی خۆشەویستووە و هەڵی بژاردوویت. ئەی یەزید کەسێکی بە قەدر و ڕێز و متمانە پێکراوی وەک مەعاویەی باوکت لەدەستدا، بەڵام سوپاسی خوا بکە، کە ڕێز و شکۆمەندی لێناویت و تاقیکردوویتیەوە.

٢- تۆ ئێستا خاوەنی هەموو ئەم دروستکراوانەیت- تۆ ئاگات لێیان بێت، خودا ئاگای لێت بێت. واتە لەدوای مردنی مەعاویەی باوکی، یەزید بەرپرسیارییەتی خەڵک و خەلافەتەکەی دەکەوێتە سەر شان و دەبێت چاودێریان بکات، وە ابن همام لە خودا دەپاڕێتەوە کە لەم کارە قورسەدا پاڵپشتی یەزید بکات.

٣- ئێمە دەزانین، کە تۆ (یەزید) تووشی ناڕەحەتی بوویت، بەڵام ئەگەر ئارامگربیت، هیچ کەس پاداشتی ڕۆژی دوایی وەکو تۆ نابێت. واتە شاعیر داوا لە یەزید دەکات، ئارام و لەسەرخۆ بێت بەرامبەر بە لەدەستدانی باوکی، بێگومان ئەم ئارامگرتنەش پاداشتی گەورەی ڕۆژی دوایی هەیە.

٤- لە دوای مەعاوییەوە جێنشینێک بۆ ئێمە بەجێماوە- ئەگەر کەسێک ماتەمینیمان بۆ بگێڕێت، ئێمە گوێ بە ماتەمینیکە نادەین. واتە (مەعاویە) کەسێکی وەجاغ کوێرنەبووە، جێگەکەی بە (یەزید)ی کوڕی پڕ بۆتەوە، بۆیە شینمان گۆڕاوە بەشادی و ماتەمینیمان لە بیرکردووە.

**ئەنجام**

١- لە ڕووی مێژووییەوە ئەدەبیاتی عەرەبی کاریگەریی بەسەر ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردییەوە هەبووە، بە تایبەتی دوی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە کوردستان، چونکە شاعیرانی کورد دەرچووی عوجرەی مزگەوت بوونە و شارەزاییان لە زانستە شەرعییەکان و زمان و مێژوو و ئەدەبی عەرەبی ئیسلامیدا پەیدا کردووە و لە ڕێگەی خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی عەرەبەوە کەوتوونەتە ژێرکاریگەریی دەستوور و یاسا و هونەرەکانی ڕەوانبێژی عەرەبییەوە.

٢- لە بەراوردکردنی ئەم دوو دەقەی (نالی) و (عبداللە همام بن السلولی)دا، بۆمان دەردەکەوێت، کە لێکچوون و هاوشێوەییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، هەم لە ڕووی ڕەوانبێژی هونەری دووبارەکردنەوە، هەم لە ڕووی پەیام و مەبەستی شیعرییەوە.

٣- لە هەر دوو دەقدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە هەر دوو شاعیر لە هۆنینەوەی دەقە شیعرییەکانیاندا، کاریگەر بوون بە واتا ئیسلامییەکان، کە پەیامی ئیسلام دایهێناون، لە هەردوو دەقدا، ئەو کەسەی شیوەنی بۆ دەکرێت، سەرکردەی دادپەروەر، بە ویژدان، بەسۆز و میهرەبان و خواناس بووە.

٤- لە هەر دوو دەقدا دەردەکەوێت، ئەو سەردەمە مێژووییەی کە دەقەکەی تێدا نووسراوە، فەرمانڕەوایی پشتاوپشت بووە، هەم یەزیدی کوڕ شوێنی مەعاوییەی باوکی کۆچکردووی گرتۆتەوە، هەم لە دەقی نالیشدا ئەحمەد پاشای کوڕ شوێنی سلێمان پاشای باوی کۆچکردووی گرتۆتەوە.

٥- بە لەبەچاوگرتنی مێژووی نووسینی دەقەکان، دەردەکەوێت، کە (عبداللە همام بن السلولی)، کاریگەری بەسەر (نالی)یەوە هەبووە لە هۆنینەوەی ئەم دەقە شیعرییەدا، بەهۆی تۆمارکردنی ئەو ڕووداوانەی کە لە ناو دەقەکاندا هەن، سەردەمی نووسینی هەر دوو دەقەکە دیار و ئاشکرایە.

٦- بە هۆکاری ئەوەی نالی مەلا بووە و شارەزایی لە زمان و ئەدەبی عەرەبی و مێژووی خەلافەتی ئیسلامیدا هەبووە، گومانی تێدانییە، کە نالی دەقی شیعری شاعیرانی ئیسلامی و عبدالەشی خوێندووەتەوە و دەقی شیعری عبداللەی وەک بەرچاوڕوونیەک بۆ بنیاتنانی دەقەکەی خۆی بەکارهێناوە.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**أ- کوردی:**

١- سازانی، ناصح ئیبراهیم، (٢٠١٠)، گەشتی قیامەت، چاپخانەی ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا، چ٢، سلێمانی

٢- شوان، ئیبراهیم ئەحمەد، (٢٠١٤)، بەراوردی ئەدەبی، چ١، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

٣- عبدالکریم، صلاح الدین، (٢٠٢٠)، تەفسیری ڕێبەر، چ٤، هەولێر.

٤- لمب، هارۆڵد، (٢٠١٩)، ئەسکەندەری مەکەدۆنی، و. عەلی ئەکبەر مەجیدی، چ٤، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٥- مەحوی، (١٣٧٩)، دیوانی شیعری، لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، چ٨، چاپخانەی کوردستان، سنە.

٦- مەولوود، ڕێزان ساڵح، (٢٠١٣)، پێگەی ژن لە دیدی قوبادی جەلیزادە و نەزار قەبانیدا، چاپخانە حاجی هاشم، هەولێر.

٧- نالی، (١٣٦٨)، دیوانی شیعری، لێکۆڵینەوەی ملا عبدالکریمی مدریس و فاتح عبدالکریم، چاپ سوم، مرکز نشر فرهنگ و ادبیات کردی ( انتشارات صلاح الدین ایوبی )، اورمیه.

**ب- عەرەبی:**

٨- باسنيت، سوزان، (1999)، الادب المقارن، ت. اميرة حسن نويره، المجلس الثقافة والاعلام، بيروت، لبنان.

٩- دانييل، باجو - دانييل و هنري، (١٩٩٧)، الأدب العام والمقارن، ت. د. غسان السيد، من منشورات اتحاد الكتاب العرب.

١٠- الدحمني، عبدالواحد، (2014)، بلاغة الافتنان، دراسةت تحليلية في الشعر زهير بن أبي سلمى، مجلة كلية الدراسات الاسلامية والعربية، العدد 47، الامارات العربية المتحدة.

١١- السلولى، عبدالله بن همام، (١٩٩٦)، ديوان الشعر، جمع و تحقيق و دراسة وليد محمد السراقبى، مطبوعات مركز جمعة الماجد للثقافة والتراث، الامارات العربية المتعدة - دبي.

١٢- عبود، عبده، (١٩٩٩)، الأدب المقارن، مشكلات وآفاق- دراسة، عبده عبود، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق.

١٣- ڤان تيجم، (؟)، الادب المقارن، ترجمة، د. سامي الدروبي، الطبعة والنشر، دار الفكر العربي، القاهرة.

١٤- محفوظ، شيخ على، ( 1984 )، فن الخطابة، دار النصر للطباعة الاسلامية، 12 نشاطي – شبرا مصر.

١٥- المصري، ابن الاصبع، (654هـ)، تحرير التحبير في صناعة الشعر والنثر وبيان اعجاز القران، تقديموتحقيق حنفي محمد شرف، المجلس الأعلى للشؤون الاسلامية، لجنة التراث الاسلامي، الجمهورية العربية المتحدة ( د.ت).

١٦- المؤدب، محمدامين، (٢٠١٤)، معالم وعوالم فى بلاغه النص الشعر القديم، دار النشر: مؤسسة الرحاب الحديية للنشر والتوزيع، بيروت – لبنان.

١٧- الميداني، عبدالحمن حبنكة، (1996)، البلاغة العربية، عدد الأجزاء: ٢، الناشر: دار القلم، دمشق، الدار الشامية، بيروت، (الميداني، 1996، ٤٧٥).

١8- الهاشهي، أحمد،(2017)، جواهر البلاغة في المعاني والبيان والبديع، الناشر مؤسسة هنداوي سي اي سي، المملكة المتحدة،

١9- الهاني، فهد أولاد، (2020)، بلاغة الافتنان في الخطاب الروائي الحديث، مجلة مسارب أدبية، العدد 9، بلد الاصدار السودان.

٢٠- هلال، محمد غنيمى، (٢٠٠٨)، الادب المقارن، طبعة التاسعة، نهضة ميصر للطباعه والنشر والتوزيع، القاهرة.

ج- سەرچاوەی ئەنتەرنێت:

٢١-عبد الله بن همام السلولي – ويكيبيديا https://ar.wikipedia.org

٢٢- الاستخدام والاستطراد والافتنان، 2008 http://www.afaqattaiseer.net

**Abstract**

This discussion is a comparative analysis research between one of the text (nali)'s poem on Baban time and Arabic poet (Abdalla Hamam bn alsluli) on Umayyad era this comparison was done under the light French comparative school, because Arabic literature had an effect on Kurdish literature in terms of history and more attention on psychology art of collection in this comparative that is a type semantic aesthetic psychological ates that used to beauty a text of Arabic poetry and the history of this art has gone back to pre Islamic time .

The purpose of this art is for the poet to combine two contradictory meanings to convey two different messages in one text, for example sympathy and congratulations. In this two texts. We were comparing. It appeared for us Which had a lot of similar phenomenons between them. these similarities appeared In art and message of poetry, the text of Abullh's poem for the death of (mhawiya) the caliph of the Umayyads and took over the caliphate by ( yazid) his son that was written by the some way, the text of (nali)s poem for the death of (sleman pasha) Emir of Baban and took over the Emir by (ahmad pasha) his son. Both texts and poet's were written for sympathy and congratulation for caliph and the new Emie, at the same time messages of islam religion in the text of the poems for describing their personalites were appeared clearly.

**Key words;**

**Comparative literature, collection art, Contradiction, sympathy and congratulate, sleman pasha Baban, ahmad pash, mhawiya, yazid.**